خرچف و ئەدەب و ئدیبانی روسیا.. د. ضیاء نافیع.. لە عەرەبییەوە: ئەردەان عەبدوا

نیکیتا خرچف (لە سای 1894 لەدایك بووە، لە سای 1971 کچی دوایی کردووە) سەهەمین رابەری یەکتیی سۆڤیەت بوو لە پاش لینین (لە شۆڕشی ئکتۆبەری1917 ەوە تاوەکو 1924 حوکمی یەکتی سۆڤیەتی کردووە) دواتر ستالین هاتە گۆڕەپانەکەوە، لە سای 1924 ەوە تاوەکو سای 1953 حوکمی یەکتی سۆڤیەتی کرد. گەرچی خرچف تەنها لە سای 1954 تا 1964 حوکمی سۆڤیەتی کرد. بەام هیچ شونکی لەناو دی گەلانی یەکتی سۆڤیەتدا داگیرنەکرد. بەلایەنی کەمەوە لە رووی شکیەوە بە نموونە هیچ پەیکەرك یان شەقامك، دەزگایەك بە ناویەوە نەکراوە، ئەمەش لە چاو ستالین و لینیندا، دیاردەیەکی نامیە بە یەکتی سۆڤتی پشوو، چونکە ئەو دوانەی تر لە زر شوندا ناویان دیارە.

کاریگەرییان لەسەر ئەدەبی روسی هەبووە

هەرچەندە ناوی خرچف بە کەمەك گۆڕانکاری ریشەییەوە بەستراوەتەوە، کە رۆیان لە کاروانی مژوویی یەکتی سۆڤیەت و جیهانیشدا هەبووە، چونکە یەکتی سۆڤیەت زلهزکی جیهانی بووە، تەنانەت هەندك لە کارەکانی خرچف رۆیان لە داهاتووی ئەم زلهزە جیهانییە کردووە. بەدنیاییەوە هەموو ئەو سەرکردە سیاسییانەی سۆڤیەت کە پشتر باسم کردن، رۆ و جێ پەنچەیان بەسەر کاروانی ئەدەبی روسیی و چارەنووسی ئەدیبانی سۆڤیەتییەوە دیاربووە، بەتایبەتی لەسەروەختی حوکمانیاندا، کە باوەیان بە فەلسەفەی تاك حزبی هەبووە.

لەبارەی لینین و ستالینەوە، خونەری عەرەبی کەم تا زر زانیاریان لە بارەیانەوە هەیە، هەر لکۆڵەوەر و مژوونووسکیش بەپی تواینی خی هەوستی ئەم دوو سەرکردەیەی باس کردووە لە بارەی ئەدەبی روسییەوە هەیە، تاوەکو ئەمش نووسەرە عەرەبەکان لەم بارەیەوە کتب و لکۆڵینەوە دەنووسن. بەداخەوە هەموو ئەوانەشی لەم بارەیەوە نووسیویانە زیاتر تگەیشتنی سیاسیی و فیکری خیان بەسەریاندا زاڵبووە، تاوەکو پشت بەستن بە بابەتی بوون و ئەکادیمی بوون.(ئەمەش ئامانجی ئمە نییە لەم وتارەدا).

خرۆچ و ئەدەبی روسی

بابینەوە سەر جۆ پەنچەی خرۆچ بەسەر ئەدەبی رووسییەوە، هەرچەندە تاوەکو ئەمڕۆش ئەمە دیارنییە، لەکاتێکدا ئەو ماوەیەی ئەو بە"توانەوەی سەهۆڵبەندان" ناسراوە، کە قۆناغێکی گرنگ و پڕ بایەخی ئەدەبی روسیش بووە. ئەمەش ئامانجی ئەمەیە دەمانەوێت بە کورتی باسی بکەین و ئاماژە بە ئەدیبە ناسراوەکانی ئەو قۆناغە بدەین و هەوڵستی خرۆچفیش لەبارەیانەوە دەربخەین.

پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوە بڵێم خرۆچ لە چاو لینین و ستالیندا، زۆر لە کەشی ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەوە دوور بوو، هۆندە دوور بوو بە جۆرێك پێفیسۆر کۆرمیلۆف " مامۆستای مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی روسی لە سەدەی 20 و 21 لە زانکۆی مۆسکۆ " ساڵی 2018 لێکۆینەوەیەکی لە گۆڤاری " زنامیا نووسی " ئەم گۆڤارەش گۆڤارێکی مانگانەیە یەکەم ژمارەی لە ساڵی 1931 دەرچووە و تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامە." لێکۆلینەوەکە بەناونیشانی" نیکیتا خرۆچۆف وەکو ڕەخنەگرێکی ئەدەبی."

لە سەرەتای لێکۆینەوەکەیەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە خرۆچۆف لە هەموو سەرانی تری یەکێتی سۆڤیەت نەخوێندەوارتر بووە، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە. هەندێك کەسیش ئەم مەسەلەیە بەشتێکی گرنگ دانانێن، چونکە لە زۆر حاڵەتەدا ئەم مەسەلەیە کاریگەری نەبووە بەسەر مێژووی ڕابەرە سیاسییەکانی و کاروانی خەباتیانەوە، بەڵام هەندێکیتر ئەمە بەلایانەوە گرنگە و ئاماژە بە هەندێك رووداوی تایبەت لە مێژووی ژیانی خرۆچۆف دەکەن، بۆ نموونە رووداوی بەکارهێنانی پێاوەکەی لە کێووونەوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەمەش رووداوێکی گرنگە لە جیهاندا دەنگی دایەوە، تەنانەت خەریك بوو لەسەر ئەم رووداوە لە دەسەڵات دەربکرێت. هەرەوها ئاماژەش بە وتەیەکی خرۆچۆف دەکەن کە جارێکیان بە وێنەکێش و پەیکەرتاشی ناسراوی سۆڤیەتی نیزفیتنی وتووە، کاتێك سەیری تابلۆکەی کرد، بەبەرچاوی خەڵکییەوە، کە زۆرێك لە دەزگای میدیاکان بەشداربوون، کاتێك خرۆچۆف پێی دەڵێت: ئەمە چییە دروستت کردووە؟ ئەمە کەرە کۆیش دەتوانێت ئەم جۆرە تابلۆیانە بکێشێت!. ئەم خەڵکانە پێیانوایە ئەمە و هەموو رووداوەکانی تریش، گوزارشت لە ڕەنگدانەوەی ئاستی خراپی ڕۆشنبیریی و نەخوێندەواری خرۆچۆف دەکەن، کە پێی ناسراو بوو.

رووداوی گەورە کە وابەستەیە بە کاروانی ئەدەبی روسییەوە لە سایەی ساڵانی حوکمی خرۆچۆفدا پەیوەستە بەچەند ناوێکی دیاری ئەدەبی روسییەوە، ناسراوترینیان پاسترناك و سولجینیستنە. هەرچەندە پەیوەندی خرۆچۆف بەم دوو کەسایەتییەوە، بۆ هەریەکەیان وتارێکی

پێویستە، هەربێیە ئێمە لێرەدا تەنها چەند سەرەقەڵەمێك دەنووسین.

رازی نەبووە پاسترناك خەڵاتەكە وەربگرێ

ئەوەی ئاشكرایە ساڵی 1958 بڕیس پاسترناك خەڵاتی نۆبڵی بێ ئەدەب پێ بەخشرا، ئەوەی دیاریشە حكومەتی سۆڤیەت ئەو كاتە كە خرۆچۆف سەرۆكی بوو، رازی نەبوو پاسترناك ئەو خەڵاتە وەربگرێت، چونكە پێیانوابوو ئەم كارە، كارێكی دوژمنكارانەیە دژ بە دەوڵەتی یەكێتی سۆڤیەت، هەرئەمەش وایكرد پاسترناك ناچاربكرێت خەڵاتەكە رەت بكاتەوە و وەرینەگرێت. خرۆچۆف لەو كاتەدا هیچ قسەی نەكرد، بەڵام دواتر لە بیرەوەرییەكانیدا دەنووسێت، من ئەو كاتە ڕامانەكەی باسترناكم نەخوێندبۆوە، بەڵام دواتر خوێندمەوە، پێموایە كارێكی خراپ نەبووە.

سۆلجینیستن بەختی هەبوو

ئەلكیساندەر سۆلجینیتسن لە زیندان ئازاد كرا، ئەمەش دوای ئەوەی خرۆچۆف هەمەتی دژایەتی ستالینی ڕاگەیاند و دژی حوكمی دیكتاتۆری ستالین وەستایەوە، كاتێك لە زیندان ئازاد دەكرێت، نۆڤێتەكەی "ڕۆژێك لە ژیانی ئیڤان دینیسیفیچ" دەنێرێت بۆ گۆڤاری " نوڤی میر" نۆڤێتەكەش باسی ژیانی زیندانیان دەكات لە زیندانەكانی سۆڤیەت لەكاتی حوكمڕانی ستالیندا. سەرنووسەری گۆڤارەكە ناوێرێت بڵاویبكاتەوە، بۆیە سەرەتا دەینێرێت بۆ خرۆچۆف، ئەویش سەیر دەكات ئەم نۆڤێتە شتێكی باش و گونجاوە و لەگەڵ ئەو هەمەتەدا دێتەوە كە دژی ستالین ڕایگەیاندووە، بۆیە بەشێوەیەكی شەخسی ڕازی دەبێت و نامەش دەنێرێت بۆ سەرنووسەرەكە كە بڕی بڵاوبكەنەوە، ئەمەش هەنگاوی یەكەم دەبێت لە ناسراوبوونی سۆلجینیتسن لە جیهان و دواتریش خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێت.

لێكۆڵینەوە لە هەڵوێستی خرۆچۆف لە ئەدەب و ئەدیبە ڕوسییەكان، دەتوانێت هاوكاریمان بكات بۆ بینینی ئەو دیمەنە واقعیی و هەقیقی و دیارەی كاروانی دەوڵەتی تاك حزبی، بەدەر لەوەی كە كام سیستم حكومی دەوڵەت دەكات، هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەخات تا چەندە تاكە شەخسێك حوكمی وڵات دەكات، كاریگەری گەورەی بەسەر تەواوی ژیانی ئەو گەلانەوە هەیە كە حوكمیان دەكەن و داهاتوو چارەنووسیان دیاری دەكات.

ئامانجی سەرەكی ئێمەش لەباس كردنی ئەم لێكۆڵینەوە و وتارانە ئەوەیە گەلانی تر ئاگاداری هەقیقەتی ڕووداوەكانی یەكێتی سۆڤیەت بن و سوودیش لەو ئەزموونانە وەربگرن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی المدی

بەراز لە نێوان ئەفسانەو ڕاستیدا!.. نووسینی: حەسەن حەریری.. ئامادەکردنی: حەسەن ئازانی

لە نەو شارستانیەتەکانی کۆن و هەروەها لە نەو ئایینەکانی جولەکەو ئیسلامیشدا چەندین چیرۆک و داستان بە دەوری بەرازدا هەن و دەن و دەچن و ودەگوترێن ، کە هەردووکیان واتە جولەکەو موسڵمانیش بەرازیان حەرام کردووە بە بە ئەوەی هیچ هەیەکی لەژیکی یان زانستی بخەنەوو!
ئەوچیرۆک و گوتانەی کە بەرەژایی مێژوو دەربارەی ئەو ئاژەڵە بەستەزمانە دەگوترێن تەنانەت ئەوەندەش بەرز نین کە بگەنە ئاستی ئەفسانەش!
لە پێش دەرکەوتنی ئایینەکانیش، هەندێک چیرۆک و ئەفسانە دەربارەی بەرازو خراپیی بەراز لەگەڵدابوون. بە نموونە لە شارشتانیەتی میسری کۆندا، ئەفسانەیەک هەیە کە دەڵێت: خوداوەند سێت، کە خوای خراپەیە، لە بەرگی بەرازێکی ڕەشدا دەردەکەوێت وهەرش دەکاتە سەر (حەرس)ی کوڕی خوداوەند ئۆزیریس!
بەڵام سەرباری ئەوەش میسریەکان، لەبەر سوودە زۆرەکەی، گرنگیی زۆریان بە بەرازداوە! لەو نەوەشدا کەمێک لە خێکی تایبەت هەبوون کە گرنگییان بە بەراز داوەو بەخێویان کردووەو بەرازیان ڕاگرتووە و ئەوانەوێک بەرازەوان لە نەو کەمێگادا ناسراون. ئەو بەرازەوانانەوێک کەمێک لە خێکی سووک و ئاست نزم بینراون و کەمێگا تێکەڵاویان نەبووەو تەنانەت بە ژن و ژنخوازیش تەنها لەنێخەیاندا ئەنجامیان داوەو دەرەوەی خێیان لە گەڵی نەکردوون!
لە ڕووی سودەکانی بەرازەوە لەو زمانەی ئەوکاتەدا، بەرازیان بەکاردەهێنا بە دەزینەوەی ئاو لە بیابانەکانداو بە دوا بەراز دەکەوتن و بەهەی بەرازەوە ئاویان دەدەزیەوەو هەروەها بەرازیان بە چارەسەری هەندێک نەخۆشی بەکاردەهێنا.
هەروەها بەراز لە ئەفسانەکانی کەنعانیدا هەمای خراپەکاریی بووەو هەمان چیرۆک و ئەفسانەش کە تەنها ناوی ستەملێکراو گەڕاوە بە هەی

بەرازەوە، کە دەڵێت بەراز هەرشی کردۆتە سەر خوداوەند ئادۆن کە ئەو خۆی بەعلی وەهاتی شام و بیبلۆس لە فینیقیا بووە. ئادۆنیس..کە هەیە چیرۆکی ئادۆنیس و عەشتاری نەبیستبێ؟
لەوبارەوە لیستەکی درێژەیە دەربارەی خراپیەکانی ئەو زیندەوەرە دۆگوترێت کە گوایە بەراز زیندەوەرکی خراپە. بەڵام لەکەینەوەکان کە لەسەر ئەو گیاندارە ئەنجامدراوون دەیسەلمێنن کە بەراز بە بەراورد بە گیاندارەکانی تر لە هەمووبان بەسوود ترە بە مەڤایەتی و بە ژینگەش! یەکەمین گیاندار کە لە بواری پزیشکیدا سوودی لەوەرگیرابێت بریئتیە لە بەراز کە شانەکانی سوودیان لەوەرگیراوە لە بواری پزیشکیدا! کە دەرکەوتووە شانەکانی بەراز لە ٧٠٪ی نزیکە لە هی مەڤەوە، هەروەها ترشناوکیکەی واتە DNA ٩٨٪ ی نزیکە لە هی مرۆڤەوە، ئەنسەلین لە بەراز درووست دەکرێت کە باشترین جۆرەکانی ئەنسەلینە! هەروەها کالستەنین کە بە پووکانەوەی ئەسقان بەکاردێت لە بەراز درووست دەکرێت.
ئەمەش چەندین تاقیکردنەوە ئەنجام دراوون بە چاندنی دڵی بەراز لە مەڤدا کە ئەو تاقیکردنەوەیە لە مەیموندا ئەنجام دراوە. لە سەر مەڤیش ئەنجام دراوە و سەرکەوتووبووە و دوو مانگ ژیاوە، ئەو مەڤە دوای دوو مانگ مردووە چونکە لەشی مەڤەکە هێرشی کردۆتەوە چونکە نەیتوانیوە کەنتەکی جینی هێتکردنەوە بکات. بەڵام ئەستا توانراوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت بە دەستکاریکردنی دڵی بەرازەکە ئەویش بەوەی کە بتوانێت کەنتەکی جینی هێتکرەوە بکات لە لەشی مەڤەکەدا.

جا ئەگەر هاتوو ئەو تاقیکردنەوانە سەرکەوتنیان بە تەواوی بەدەست هێنا دەبێ چەند کەس سوودمەند ببن لەو هووەوە؟ هەر بە ڕاستی ماوەیەک لەمەو بەر نەشتەرگەریەک بە کەسیکی تەمەن ٥٨ ساڵ کرا و ئەستاش کەسانیکی زەر چاوەڕێن ئەگەر کەسەک هەبێ ببەخشێت! بەیە ئەوەی کە دۆگوترێ و پەوپاگەندەی ئەوە بۆ دەکرێتەوە کە گوایە بەراز میکەڕبەکی زیانبەخشی تەدایە کە نە بەئاگر دەسووتێ و نە بە سەرماش لەناو دەچێت هیچ نیە بەجگە لە درێ و چەواشەکاری و دەیانەوێت بەو درۆ بوختانانە کاریگەری خراپ لەسەر زانستی تەندروستی دابنێن. سەرتا بەوە دەستیان پێکرد کە گۆشتی بەراز کرمی شریتی تەدایە ئنجا گوتیان کرمی تینیای تەدایە کە ئەوەی ڕاستی بێت ئەو کرمە لە گۆشتی گادا هەیە نەک لە هی بەرازدا.

جولەکەو موسڵمانەکان گۆشتی بەرازیان حەرام کردووە بە بە ئەوەی هەیەکانی ئەو حەرام کردنە لە هووی زانستی و تەندروستیەوە بخەنە

ووا! دژمن چونکە بەرازپیسایی و پاشماوە دەخوا، ئەمش دژمنی دیقەت بدەن و ببینن بۆتان دەردەکەوێت کە نەک هەر بەراز بەڵکو زۆر لە ئاژەڵ و پڵاوەرو گیانداری تر هەن کە پیسایی و پاشماوە و زبڵ و خاشاک دەخۆن و گۆشتیشیان حەرام نەکراوەو هەم جولەکەو هەم موسڵمانیش دەیخۆن! بە نموونە هەر تەماشا گا و گوێل و مەڕو ماڵاتی تر و بزن و مریشک و هەندەک پڵاوەری تریش بکەن کە دەبینن زۆر شت دەخۆن!
لە ئەوروپاو وڵاتانی ئاژاوایی کە بەراز بەخێو دەکەن وەک هەر مەڕوماڵاتێکی تر، وەک مانگاو گاوگوێل خواردنیان دەدەنێ. دەگوترێت ئەگەر پیاوێک گۆشتی بەراز بخوات ئەوا دەبێتە دێیوس و هیچ ئیرەیی بە مەیینەکەی نابات چونکە ئەو تەنها بەرازێ کە گوێ بەو مەسەلەیە نادات و هیچ ئیرەیی لەبەرامبەر مەیینەکەی خەیاندا نیە ! ئەمش بە بروای ئەمە قسەیەکی پووچە چونکە زوورەی ئاژەڵان لەگەڵ نزینەیەک زیاتر پەیوەندی دەبەستن!

ئەوانەی کە گۆشتی بەراز ناخەن جولەکەو موسڵمانانن. شتێکی سروشتیشە کە لە تەک کەمایەتیەکان ببینین و ببیسین لە لایەن ئەو دوو پەڕەوە کە گۆشتی بەراز مەکڕبی زیانبەخشی تێدایە کە نە بە ئاگرو نە بە سەرماو بەستن لە ناو ناچێت! ئەمشیان تەنها بە پشتەاستکردنەوەی ئەو گوتانەیە کە دژمن لەبەر ئەمانەیە کە خواردنی گۆشتی بەرازیان حەرام کردووە!
دوای ئەو کورتە نووسینە، دەربارەی حەرام کردنی خواردنی گۆشتی بەراز، ئەوانەی کە پێیان وایە گۆشتی بەراز زیانبەخشەو نابە بخورێت و بە پشتەاستکردنەوەی ئەو قسەیشیان گوایە لەوبارەوە لەکەینەوەی زۆر کراوەو ئەنجامدراوە بە ئەو لەکەینەوە تەندروستی و زانستیانە نیشانی خەک بدەن نەک هەر بە ناوهێنان! پەمان بدەن لە کام زانکە ئەو لەکەینەوانە ئەنجام دراون و نیشانمان بدەن، پەمان بدەن کێن ئەوانەی ئەو لەکەینەوانەیان ئەنجام داوە ، ناوکانمان پێ بدەن..شوێن و کات و دەرئەنجامکان نیشان بدەن! من لەوبارەوە هووبووەیان دەبمەوە!
من هووبووی ئەوانە دەبمەوە کە کە دژمن گۆشتی بەراز لەهەر گۆشتێکی تر زیاتر زیانی هەیە! هەر گۆشتێک بڕی خەی سوودی هەیەو بڕی خڕشی زیانی هەیە.. جا ئەگەر هەر گۆشتێک بە باشی لەنەرێت و بە باشی نەکوڵنرێت ئەوا گۆشتەکە زیانی زۆرترە لە سوودەکەی.. گۆشتی بەرازیش لەو ڕەسایە بەدەر نیە!
تێبینی: خواردنی سەرکی زوورەی خەکی ئەوروپاو ئاژاواو وڵاتانی ناموسلمان و نا جولەکە گۆشتی بەراز دەخۆن. تەنانەت

گشتی بۆراز لە هەندێک وڵاتی موسڵمانیش دەخورێت!

https://www.facebook.com/groups/496093623891552/user/100009028/655019

فەلسەفەی ئەخلاق.. ئاراس سەعید

"پێشەکی"

فەلسەفەی ئەخلاق بابەتێکی ئاڵۆزە، بەڵێ هەندێ ساکار نیە بتوانین بە چەند گوزارەیەک پێناسەی چەمکی ئەخلاق بکەین. وەکو "سوکرات" دەڵێت: (ئەمە لە بارەی بابەتێکی بچوکەوە گفتووگۆ ناکەین، بەڵکو سەرقاڵی گفتوگۆ کردنین دەربارەی ئەوەی کە دەبێت چۆن بژین؟) پرسی فەلسەفەی ئەخلاق پرسێکی یەنەنقەرسالە و لە مێژووی هزری مرۆڤدا، مشتومڕی فەلسەفی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و هۆنگۆ و تەوانینی بیرمەندان و فەیلەسووفان جیاوازی لە مەڕ ئەمپرسەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتەرانەی کە پەیوەستن بە بابەتی فەلسەفەی ئەخلاقەوە، چونکە لە بنەڕەتدا فەلسەفەی ئەخلاق بابەتێکی فرە هەندە و پانتاییەکی زۆر داگیردەکات لە مێژووی هزری مرۆڤدا. بەڵێ ئاڵۆزە پێناسەیەکی هەڵها و سەرتاپاگیر بۆ فەلسەفەی ئەخلاق بکەین، بەڵام لەبەرگەی کەکردنەوە و ئاوێتەکردنی خاڵە کەکانی قوتابخانەکانی "فەلسەفەی ئەخلاق"ەوە، دەتوانین، بە دەربڕینێکی لۆژیکیانە، پێناسەیەکی کامڵ بۆ فەلسەفەی ئەخلاق بکەین، بە مەدلوولێ یونەنقەرسالیەکەی.

سەرەتا بابزانین فەلسەفەی ئەخلاق چیە؟ چونکە (فەلسەفەی ئەخلاق) گرێیەکی ناوی لێکدراوە و لە بنەڕەتدا، لە دوو ناوی واتادار پێکهاتووە، کە ماهیەت و ناوەرۆکی تایبەتیان هەیە. بۆ هوونکردنەوەی بابەتەکەمان پێویستە هەردوو تەرمەکە بناسنین. یەکەم: (فەلسەفە: هونەری پرسیارکردنە. گرەکانە بەدوای ئەو پرسیارە ئەقڵانیانەی کە بە "چی و چۆن و بۆچی" دەستپێدەکات، لەبەرگەی پشکشکردنی ئارگومێنتی کامڵەوە بە گەیشتن بە دەرئەنجامێکی ئەقڵانی). دووەم:(مەعریفە: بریتیە لەو زانیم و هەساو یاسایانەی بەسەر کردەکانی مرۆڤدا سەپراون، کە دەشێت دروست بن، یان

نادروست بن.)

وشەی "فەلسەفەی ئەخلاق" وشەیەکی لەکدراوە و لەکی سەربەخۆیە، لە لەکانی فەلسەفە. کاتێک فەلسەفە دەبێتە "دیارخەر"ی ناوێک. ئەوا کاری فەلسەفە پرسیارکردنە لە "دیارخراو"ەکەی. ئەگەر "ئەخلاق" ئەو نەم و یاسا و هەسایانەبن کە بەسەر کردەکانی مرۆڤدا سەپێنراون، ئەوا فەلسەفەی ئەخلاق دەپرسێت بۆچی دەبێت من مامۆستای ئەخلاقی بن؟ یان لەو بیانیانە دەکۆتایەو دەپرسێت بۆچی فڵان مامۆستا نادروستەو فڵان مامۆستا دروستە.

"ئەخلاق چیە؟"

لە زمانی ئینگلیزیدا کۆک لە تێرمی "moral _ ethics" وەردەگرن. چەمکی ئەخلاق بەهۆی دینامیکیەتی فرەهەندی لە بەکارهێنانیدا، گرفتی لەبەردەم تێگەشتنمان دروستکردووە. ئەمش پەیوەندی بە نزانینمانەوە نیە، بەڵکو چەمکێکی خڕی لە خۆیدا فرەهەندە و بەهۆی ئەوەی خودی زارەوەکە لەزمانی عەرەبییەوە هاتۆتە نێو فەرهەنگی کوردییەوە، دژواری و ناڕوونی دروستکردووە. لە بەهۆی دووەماندی فەرهەنگی کوردییەوە دەتوانین کۆک لە هەردوو تێرمەکە وەربگرین و بینایی تێگەشتنی خۆمان فراوانبکەین. بەبێ شیکردنەوە و وەرگێڕانی چەمکی "مۆراڵ و ئیتیک" ئەستەمە لە بابەتەکانی فەلسەفەی ئەخلاق تێبگەین. "مۆراڵ" لە زمانی کوردیدا بڕانبەرە بە وشەی "ئاکار". کە لە بابەتەکانی "فەلسەفەی ئاکار" دەکۆتێتەوە، بە "میتا ئاکار" یان "ئاکاری شیکاری" ناودەبرکراوە. وەکو ێیساو تیەریێ ئاکاریێکان و لەکدانەوەی بنەماکانی ئاکار و ...هتد. بەڵام هەگی چەمکی "ئیتیک" وشەیەکی گرێکێ و دەگۆتێتەوە بە وشەی "ئیتەس"کە لەزمانی کوردیدا، بەواتای "هەوشت"دێت. هەوشت بابەتێکی خودیێ و پێوەستە بە هەڵوەست و بیارەکانی تاکەوە. لە بەشی داهاتوودا بۆچی لەسەر ئەم چەمکە دەوەستین. بەگشتی لەم وتاردا، لەبارەی فەلسەفەی "مۆراڵ-ئەخلاق" دەدوێن لە هەگەی شیکردنەوەی پێناسەی ئەخلاق و تیەریا و هەباز و قوتابخانە جیاوازەکانی فەلسەفەی ئەخلاقەوە.

وەکو لە پێشکیدا ئاماژەمان پێدا کە فەلسەفەی ئەخلاق، بابەتێکی ئەبستراکتی ئاڵۆز و هەندە ساکار نیە بتوانین بە چەند گوزارەیەک پێناسەی چەمکی ئەخلاق بکەین، بەڵکو لە هەگەی پێناسە و بچوونە فەلسەفییەکانی فەیلەسووفەکانەوە، لەبارەی فەلسەفەی ئاکارەوە دەدوێن. دیدگای فەیلەسووفان بە پرسی ئەخلاق جیاوازە، ئەمش

هەکارێک بوو لەکدژی لە نەوان بیروبۆچوونەکانیان درووستبوو. بۆیە ئەو قەناغانەی بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤدا تێپەڕیون، مرۆڤ هزری خۆی ڕزگارکردووە لە کێت و بەندە ئایینی و ئایدەلۆژییەکان و توانیویەتی لە ڕێگەی درککردنی ئەقڵانییەوە دیاردەکان تەتبکات. بەنمونە فەیلەسووفان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، پرسی ئەخلاقیان وابەستە دەکرد بە باوەڕەهێنان بەخوداوە. وەکو "جەرج بەرکلی" لە دیالۆگی سێیەمدا، "هیلیاس" ڕووی گوفتاری کردەتە "فیلۆنەس" کە بەرکلی خۆیەتی و پێی دەڵێت (باشە تە نازانیت ئەگەر خودا بکەی بە داهێنەری هەموو قسەوما و ڕووداوەکانی سروشت هەر خودا خۆی دەکەیت، بە داهێنەری کووشتن و کوفر و بەدکاری و بە باوەڕی و گوناهـ و تاوانی نابەجێ).

بە قسەکردن لەسەر فەلسەفەی ئەخلاق پێویستە بگەڕێنەوە بۆ فەلسەفەی کلاسیک. "سوکرات" یەکەمین فەیلەسووفە لە مێژووی هزری مرۆڤدا چەمکی ئەخلاقی بە شێوازێکی زانستی شیکردەوە. یۆنانییەکان پێشەنگن لە پەرەپێدان بە توانا زیینییەکانی مرۆڤ. یەکێک لە گرنگترین و دڕوشاوەترین ئەو دەستکەوتانەی شارستانیەتی یۆنانی کۆن دای هێناو بە مرۆڤایەتی بەخشی، بریتیە لە بایەخدان و دڵزینەوەی بنەمایەک بە ناوگرتن لە تاکەکەس.

"فەلسەفەی ئەخلاق و ڕەبازەکانی"

ئەگەر لە هەر قەناغێک لە قەناغەکانی مێژووی فەلسەفە ڕابمێنین؛ ئەوە بەدی دەکەین کە پرسی ئەخلاق مایەی گرنگی پێدان و تەوەجوهـ بووە لەلایەن فەیلەسووفانەوە. ئەگەر بمانەوێت لەسەر تەواوی ئەو بیروبۆچوونانە ڕابوەستین، دەبێ لە زنجیرە کتێبێکیشدا نەتوانین مافی تەواوی پێبدەین. ئەم نووسینەی بەردەستان بەکورتی لەسەر گرنگترین قوتابخانە و ڕەبازەکانی فەلسەفەی ئەخلاق دەدوێت.

1. ئەخلاقی سوکراتی.

ئەوەی بە ئەمە تا ڕادەیەکی باش ڕوونە ئەو دەڵێی هزری "سوکرات" ی بەخەیاڵەوە سەرقاڵکردبوو دەڵێی ئەخلاق بووە. فەیلەسووفانی پێش "سوکرات" لە بابەتە سروشتیەکانی وەکو ماددەیی سەرەتایی و ئەستێرەناسی و ..هتد کەیووتەوە، بەڵام سوکرات لە دیالۆگی بەرگریکردن دەڵێت: (من چیم داوە لە بیرکردنەوە سەبارەت بەشتە سروشتیەکان). سوکرات زانست بە شتێکی بە بەرهەم نازانێت، بەڵکو

گرنگی بۆ فێربوون و گۆڕان بەدوای زانستدا. ئەو چەمکی "ئەخلاقی"ی وەکو بابەتێکی ئیپستەمۆلۆژی بەکارهێناوە"، ئەگەر چی شانبەشانی "سوکرات"ەوە فەستایەکانی یۆنانیش دەربارەی ئەم چەمکە دواون، بەڵام یەکەمین فیلەسووف "سوکرات" تیۆریەکی ئیپستەمۆلۆژی ئاوەتەی ئەم چەمکە دەکات. سوکرات دەڵێت: (کاتێک مرۆڤێک کردەیەکی هەڵە ئەنجام دەدات، نەزانە، چونکە زانیاری پێشینەی دەربارەی کردەکەی نیە).

لێرەوە ئەوە هاوون دەبێتەوە کە لادیدی سوکراتەوە ئاوەز سەنتەری بیرکردنەوە و کردە ئاکارییەکانی مرۆڤە. تەوانینی سوکرات دەربارەی مەعریفە، بریتییە لە دەزینەوەی هاستی و چاکە لەگەڵگەی لۆگۆسەوە. ئەو دەڵێت (هیچ کەسێک بە قەستی و لە ئەنجامی هەڵشیارییەوە تووشی گوناهـ نایەت، هەر بۆیە تەنها هەڵشیاری دەتوانێت مرۆڤ بگەیەنێت بە فەزیلەتێکی تەواو). ئەم جۆرە میتۆدە بە ئیتیکی هاشیەنالیست (ئاوەزگەرایی)ناسراوە. لادیدی سوکراتەوە تاکە مەتیق و ئەنگیزە ئاکارییەکان مرۆڤ ئاوەزە، چونکە ئەو پێی وایە چاکە زانینە. لەمڕووی فەلسەفەدا دوو شێوە تەوانین بەرانبەر ئەقڵانیەت هەبووە، ئەویش (میتۆدی دانپیانان و میتۆدی هەخنەگرانە)یە. لە وتە بەناوبانگەکەی سوکراتدا، بەمان دەردەکەوێت کە میتۆدەکەی هەخنەگرانەی پەیوەکردووە کە دەڵێت: (ژیانێک تاقینەکرابێتەوە، بە مانایی ژیان نایات). تاقیکردنەوە، واتا هەخنەکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو شتانەی زانینێکی ساختەمان لە بارەیەوە هەیە. "سوکرات" یەکەمین فیلەسووفە لەگەڵگەی هەخنە و هەڵوەشاندنەوەی پرسە چەقبەستووەکانەوە هەنگاو دەنێت بۆ گۆشەکردنی زانستی و ئاشکراکردنی فاکتەکان.

"کاهە پەپڕار" پشتەاستی ئەوە دەکاتەوە دەڵێت: (کاتێک ئەمە دەزانین هەڵە و کەموکورتی تیۆریەکەمان لە کۆدایە، هەنگاوێک لە زانین نزیک دەبینەوە). لادیدی ئەوەوە ئەگەر بمانەوێت گرفتە ئاکارییەکانمان چارەسەر بکەین، پێویستە سەرچاوەکانی زانینمان زیاد بکەین. "سوکرات" پێی وایە هوشیاری و زانین خێی لە خێدا فەزیلەتەو گوناهـ و تاوان زادەی جەهل و نەزانین. ئەق (ئاوەز) هەنوینکەرە بەرەو چاکە.

"هەخنە لە ئەخلاقی سوکراتی"

ئایا ئەخلاقی هاشیەنالیست(سوکراتی) لەگەڵ پشکەوتنی شارستانیەت و تەفرکردن وتەوانینی مرۆڤدا، شانبەشانی فەلسەفەی مەدەرن و زانستی

نوە، چۆن خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. ئایا دروستە ئەڤە پاڵنەر و سەرچاوەی کردە ئەخلاقیەکانی مرۆڤ، وەکو هادیگەر دەڵێت: (شوانەک لەناوەوەی منداڵە ڕەنمونیم دەکات)، ئایا ئەو شوانە هەمیشە بۆ ئاگایی و ڕەنمونییەکانی تەواو و دروستە. زانستی مەدێرن و دەرکەوتنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆتایبەتی دەوونشیکاری کە "سیگمەند فرۆید" بەدامەزرێنەری قوتابخانەی دەرووونشیکاری دادەنرێت، پێی وایە، ئەڤەی مرۆڤ بڕدەوام لە ژێر کۆت و بەندەکاندایە. ئەڤە دیلی کۆمەڵک کۆت و بەندە. "سوکرات" زانیاری دەربارەی ئەڤەی نائاگایی و ئێنگزێ و مۆتیڤە دەرووونییەکانی مرۆڤ نەبووە، بۆیە دەکەوتە ئەو هەڵەیەوە. چونکە ئاوەزی مرۆڤ هەمووکات چالاکانە لەدەخی ئاگایدا نیە، بەڵکو لەژێر کاریگەری غەریزە بایەلۆژی و مۆتیڤە دەرووونییەکاندا کردە دەنوێنێت. مرۆڤ کاتێک ژیان و ڕەگەزی دەکەوتە ژێر مەترسی لەناو چوونەوە، زانیاری دەربارەی چەمکی باشە هەیە، بەڵام لەژێر کاریگەری مۆتیڤە دەرووونییەکاندا هەڵەی ئاکاری دەکات با نمونەیەک بهێنینەوە.

بۆ نمونە، پزیشکێک پسپۆڕی بواری هەناوییە، کەچی جگەرە دەکێشیت. ئەو دەزانێت جگەرە کێشان زیان بۆ سیستەکانی دەگەیەنێت، زیان گەیاندن بەخود، مامەڵەیەکی ناردوستە، کەچی جگەرە دەکێشێت. سوکرات دەڵێت: (هیچ کەسێک لە ئەنجامی هەشیاریەوە تووشی هەڵە نابێت) بەڵام پزیشکێک هەشیارە، کەچی جگەرە دەکێشیت. زۆرێک لە فەیلەسووفان و بیرمەندان ڕەخنە لە ئەخلاقی "سوکراتی" دەگرن. بەڵام ئەمە بەواتایی ئەوە نایات، بۆ چوونەکانی "سوکرات" هیچ گرنگیەکی نیە.

2. ئەخلاقی خودی subjectivism in ethics

"دەیڤد هیۆم" فەیلەسووفی ئینگلیزی بۆ دامەزرێنەری ئەم ڕەچکەیە دادەنرێت، لە فەلسەفەی ئەخلاقدا. هیۆم دەڵێت: (هەر کردەوەیەکی تاوانکاری وەربگریت، لە هەموو ڕووەکەوە لەی بکۆڵەوە پاشان بزانە دەتوانێت فاکتێک یان توخمێک دیاری بکەیت لە جۆهەری ئەو خراپەکاریە، بۆ نمونە تۆ هەرگیز ناتوانێت ئەو توخمە دیاری بکەیت، هەتاوەکو ئاراستەی لێکۆڵینەوەکە ڕووبەرووی خەت نەکەیتەوە). ئەو پێداگری لەوە دەکات، کە ئاگەر ئەمە بەوردی سەرنج لە هەر بەدکارییەک بدەین، کاتێک دەتوانین لە جۆهەری ئەو بەدکارییە تێبگەین، کە تاوانکەمان ڕووبەووی خەمان کردەوە. بۆ

نمونە، کاتێک لێکۆڵینەوەی مامۆستایەکەوە کەسێک بریندار دەکەین. جا ئەگەر مامۆستاکە تووندووتیژی "سیمبولی"بێت، واتا تووندوتیژی لە ڕێگەی زمانەوە وەکو جۆن، سوکایەتی. یان تووندووتیژی لە ڕێگەی هێزەوە. ئەمە ناتوانین لە جۆهاری ئەو خراپکارییە تێبگەین، تا هەمان کردەوە ڕووبەڕووی خەمان نەکەینەوە.

بەبۆای "هیەم" لە ئەخلاقی خودیدا، مرۆڤ لە ڕێگەی هەست و سۆزەوە درک بە جۆهاری بابەتیانەی بەها ئاکارییەکان دەکات، ئەمەش پێچەوانەی بە چوونەکانی پێش خۆیەتی کە پێیان وایە ئەقڵ سەنتاری کردەکانی مرۆڤەوە و، لە ڕێگەی هەشیاری و زانینەوە درک بە بەها ئەخلاقییەکان دەکات. هیەم فەیلەسووفێکی ئەزموونگرابوو، بە بۆای ئەزموونگراکان (زۆینی مرۆڤ کاغەزێکی سپییە و لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە درک بە جیهانی دەوروبەر دەکات. بۆیە پێی وایە مرۆ لە ڕێگەی هەستکانییەوە درک بە بەها ئەخلاقییەکان دەکات.) کاتێک پرسی ئەخلاق دێتە پێشەوە، مرۆڤ ئەو پرسیارەی لا دروست دەبێت ئایا دەکرێت بنەماکانی ئەخلاق سەرچاوەی ئەقڵ-ئاوەز بن؟ وەکو ئەوەی لە فەلسەفەی ئەخلاقی سوکراتدا بەدیمانکردن، کە دەزینەوەی بنەما ئەخلاقییەکان و فاکتەر و پاڵنەری دەستاتدار بەسەر کردەی ئەخلاقییەوە ئەقڵە. "دەیڤد هیەم" سەر بەچکەی ئەزموونگرایی-ئیمپیریە بەو پێی پێداگرییەوە لەبازی ئەقڵانی دەخاتە لاوە. کە باسی ئەخلاق کرا ئەو پرسیارە دەکرێت کە چاکەکاری چیە و چۆن لە بەدکاری جیا دەکرێتەوە؟ کامە فاکتەر دەبێتە مایەی پەسەندکردنی کردارێک و نا پەسەندکردنی کردارێک.

هیەم پێیوایە لە لەبازی ئەزموونی دەکات و پێ وایە هەست و سۆز سەرچاوە و بنج و بنوانی بنەماکانی ئاکارە. ئەو دەڵێت: (هەندێک لە فەیلەسووفان بەو پێی دڵگرمییەوە ئەو دید و سەرنجیان بەاوکردۆتەوە گوایە پرسی ئەخلاق، پرسێکی ئەقڵانییە. ئەگەر چی هیچ کەسێک لە سەلماندنی ئەوەدا هەنگاوێک بەرەو پێشەوە هەنگاوی نەناوە). ئەو پێی وایە هەست و سۆز درک بە بنەماکانی ئەخلاق دەکات، بە نمونە (سۆز و هەست لە ناخی مرۆدا هەڵدەقووڵن و لە بەرانبەر چاککاریدا هەست بە چێژ و خۆشی دەکەن، لە بەرانبەر بەدکاریشدا بێزار و دێتەنگ دەبێت).

3- ئەخلاقی کێشکگرایی.

ئەم لەبازە لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەی لیبڕاڵیزم سەری هەڵدا، لە ئێستاشدا لێبڕاڵیزمی نوێ و سیستەمی سەرمایەداری ئەم ڕوانگەیە لە

ژیانی کرداری خیان پەیوەندیکان، لەوانەی ئەمانەوە لەکەینەوەکان لە کردەکانی مرۆڤ لە خودی سەبجەکت و کارەکە نیە، بەکو تەوانینە لە ئەنجامی کارەکە ئایا باشە یان خراپ، دەستکەوتی زیاتر یان زیان، وەکو نوێکردن لە پێناوی ئازکردنی خودا لە خێت و بەدەستهێنانی بەهەشت، یان لێناوبردنی کەمەکی مرۆڤ بەبیانوی تێکدانی ژیانی زەرینەوە. فەیلەسووفی لیبەرالیست "جۆن ستیوارت میل" و "جەرمی بێنسام" بە دامەزرێنەری ئەم تیۆرە دادەنرێت. میل تیۆری کەکگەرایی بەم شێوەیە داشتووە: (ئەندیشەکانی باردەخێک کە ئاواتەخوازین بەدی بێت، باردەخێک کە هەموو ئەوانەی تەدا دەژین تا ئەو شوێنەی دەتوانن بەختەوەر و باشبن. هەر لێرەوە کاتێک دەپرسین چی بکەین، لە خەمان دەپرسین کام مامەلە دەبێتە هۆی فەراهەمکردنی زۆرترین بەختەوەری، بە هەموو ئەوانەی کاریگەر دەبن، بەو مامەلەیە. هەر لێرەوە ئەخلاق دەخوازێت ئەو بکەین کە باشترینە). ئەم دۆقە گوزارشتە لەوەی کە باشترین مامەلەی ئەخلاقی ئەوەیە، کە زۆرترین بەختەوەری بە هەمووان فەراهەم بکات. لە ڕوانگەی میلەوە ئەخلاق بریتیە لە فەراهەمکردنی بەختەوەری بۆ جیهان، بەڵام ئەم تیۆرە بەشێوازێکی تر، کەکی لەوەرگیراوە.

"بینسام" دەڵێت: (تەنها یەک بڕیاری ئەخلاقی بوونی هەیە، ئەویش پەنسیپی کەکە). مەبەست لە پەنسیپی کەک ئەو ئامانجەیە کە مامەلەکە هەیگرتووە و تاچەند کەک بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت. بە نمونە مرۆڤ کاتێک مامەلەیەک ئەنجام دەدات، دەبێت ئەنجامی مامەلەکە لەبەرچاو بگرێت. ئایا زۆرترین کەک بۆی و بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت، یان نا. ئەگەر مامەلەیەک بووە هۆی فەراهەمکردنی زۆرترین کەک، ئەوە مامەلەیەکی ئەخلاقییە.

4- ئەخلاقی ئەرکگەرایی.

فەیلەسووفی هۆشنگەری "ئیمانیەل کانت" بە دامەزرێنەری ئەم هێبازە فەلسەفیە دادەنرێت. وەکو زۆر فەیلەسووفی دیکە، "کانت" لەو بڕوایدا بووە کە ئەخلاق دەکرێت لە پەنسیپکی باڵا و ئەوپەیدا(ultimate) گوزارشتی لێبکرێت، کە ئەرک و ناچاریی ئەخلاقییەکانمانی لەو هێبقوڵێت. "کانت" بە فەرمانە بنبڕەکان ئەم پەنسیپە دەستنیشان دەکات و بەم شێوازە گوزارشتی لە دەکات: (تەنها بەپێی ئەو ماکسیمە-حیکمەتە هەڵبژێر بکە، کە لەهەمان کاتدا ویستی ئەوێت هەبێت بەهەی (ئیرادەتەوە) ببێتە هەسایەکی گەردوونی).

" کانت "مەرجی پێشینی هەیە، کانت گەورەترین فەیلەسووفە کە

وەرچەرخانی کۆپەرنیکەسانەی لە فەلسەفەدا کرد. ئەویش ئاڕاگەرکردنی (سوژە و ئەبژە) بوو. لەوانگەی کانتەوە، زەینی مرۆڤ کەمتەک هەساو یاسا و قاعیدی هەیە، کە پێشینین. مرۆڤ کاتێک لەڕاگەی هەستکانەوە لە سروشت و جیهانی دەوروبەر دەکەوێتەوە، هەوڵی دەزینەوەی نهێنیکانی سروشت دەدات. کاتێک لە ڕاگەی لەگەسەوە سەرقاڵی ئامان و تێفکرینە، هەوڵی ئەوە دەدات نەزم و یاساکانی زەین بەسەر سروشتدا بسەپێنێت. لەپێشوودا دەیان گووت (زەین ئاوێنەی عەینە) کە بەپێی تێگەیشتنی خەی زانیاریی دەربارەی شتەکان وەردەگرێت. بەڵام لە ڕوانگەی "کانت"ەوە زەین چاویلکەیەکە بەشێوەی عەدەسەکەی جیهان دەبینێت. کانت بەوایی بەنەزم و ڕێکپێکی هەبووەو پێی وایە، زەین یاساکانی خەی دەسەپێنێت بەسەر جیهاندا، بە یەڕاێت: (ئاسمانی پێ ئەستێرە و یاساکانی سروشت لەسەر سەرمە و یاساکانی مۆاڵیش لە ناوەوەم دایە). کانت مەرجی پێشینی هەیە دەربارەی چەمکی مۆاڵ، ئەویش "سەربەست" بوونە. بەیە لەمەژوودا گوتویانە مرۆڤی کەیلە بەدەرە لە هەموو ڕەسا ئاکاریەکان، ئەستە دەڕاێت: (مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە، سەر بەخەیتی). کەواتە کەیلە کێیە؟، بەگومان سەر بەکەسکی ترە، سەربەست نیە، لە بەیادان و خاوەندارێتی کردە ئاکاریەکانی ناکات.

مۆاڵ لە پوختترین پێناسەیدا: (مامۆەیەکە لە نەوان دووکەسی سەربەست و خاوەن ویست و ئیرادە). کانت مەرجی لەپێشینەی هەیە، ئەویش "سەربەست" بوونە، واتا ئەمە تا سەربەست نەبین ناتوانین خاوەندارێتی لە مامۆەکانی خەمان بکەین. جیا لەمە کانت بە شێوەیەکی دیکەش گوزارشت لە فەرمانە بنەڕەکان دەکات و دەڕاێت: (بەشێوەیەک مامۆە لەگەڵ ئەوانیتردا بکە، مرۆڤ خەی لە خەیدا ئامانج بێت، نەک ئامراز بۆ ئامانجکی دیکە). "کانت" میتەدکی ڕەهای گشتی پێشکەش دەکات، دەڕاێت: (هەرگیز ناتوانیت، مامۆەکێت وەکو مامۆەیەکی دروست بناسێنی، تا نەتوانێت مامۆەکێت بکەیتە ڕەسایەکی جیهانی). واتا کاتێک مامۆەیەکی دروستت ئەنجام داوە، بتوانی ڕەساکانی زەینی بەسەردا بدەیت و بیکەیتە مامۆەیەکی جیهانی. بە نمونە کاتێک مرۆڤکی قەرزدار ئامانتکی کەسکی لایە، ئەگەر بیەوێت قەرزکە نەگەڕێنێتەوە بە خاوەنی، ئەگەر توانی مامۆەکە بکاتە مامۆەیەکی جیهانی، واتا کەسک قەرزداری خەیتی و بەی نەگەڕێنێتەوە دروستە. یان کەسک دەیەوێت کەسک بکوژێت، ئەگەر بەڵایەوە ئاسایی بێت، کەسک خەشی بکوژێت و کووشتن بکاتە ڕەسایەکی جیهانی، ئەوە دروستە.

کانت لەژێر کاریگەری "مەسیح" دا، ئەم تیۆریایەی داشتووە، مەسیح لە کتێبی پیرۆزدا وتەیەکی بە ناوبانگی هەیە، دەڵێت (چیت بە خەت پێ خۆشە، بە براکانیشت پێت خۆش بێت). بەڵام "کانت" میتۆدەکە لەبراوە دەباتە کۆنکستێکی جیهانییەوە و تەواوینی ئەو بۆ واتایە دەت، چیت بە خەت پێخۆشە، بە جیهانیش پێت خۆش بێت. ئەم هەڵبازە بە هەڵبازی ئەرکگەرایی ناسراوە، واتا چاکە خێی لەخێدا ئەرکەو ئامانجێکی بە ئامانجە.

"ئەنجام"

فیلەسووفان بەشەوازی جیاواز، بەچوون تەواوینی خێان لەبارەی پرسی ئەخلاق خستووتە ڕوو. دەکرێت بەچوونی هەموو فیلەسووفان لە سەر قوتابخانە سەرەکییەکەی فەلسەفەی ئەخلاق کەبکەینەوە. کە ئەمانەی خوارەوەن.

"ئەرکگەرایی"

بەیەکێک لە قوتابخانە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ئەخلاق دادەنرێت، لەلایەن "ئیمانیەل کانت" فیلەسووفی هەشتگریەوە دامەزراوە. ئەم هوانگە فەلسەفییە لە ئامانج و سوود و قازانجی کردەکانی مرۆڤ ناکەوێتەوە، بەڵکو لەدیدی ئەوەوە چاکە ئەرکێکی هەڵهایە. واتا (چاکە ئامانجی بە ئامانجە) چاکە ئەرکە لە پەناوی چاکەدا، بەنموونە باشبوون لەپەناو دەستکەوتنی ناوبانگ، یان ئەنجامدانی کاری باش لەپەناوی هازیکردنی خودا و دەستکەووتنی بەهەشت، لەهوانگەی ئەرک گەراییەوە نادروستە. ئەم هوانگە فەلسەفییە پێ وایە، چاکە ئەرکە و مرۆڤ دەبێت بە ئەرکی خێی هەبسێت.

"پەراگماتیزمی کۆنگەرایی"

ئەم هوانگەیە زیاتر لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەی لیبەرالیزم سەری هەڵدا، لە ئەستاشدا لیبەرالیزمی نوێ و سیستەمی سەرمایەداری ئەم هوانگەیە لە ژیانی کرداری خێان پەراکتیزە دەکەن، لەهوانگەی ئەم قوتابخانەیەوە لەکەینەوکان لەخودی سەبجێکت و خودی کارەکە نیە، بەڵکو تەواوینە لە ئەنجامی کارەکە ئایا باشە، یان خراپ، دەستکەوتی زیاترە یان زیان، وەکو نوێکردن لە پەناوی هازیکردنی خودا لە خەت و بەدەستهێنانی بەهەشت، یان لەناوبردنی کەمەک مرۆڤ بەبیانوی تێکدانی ژیانی زەرینەوە.

"خودگەرایی"

یەکێکی تر، لە قوتابخانەکانی فەلسەفەی ئەخلاق، لە دوای هاودژبوونی دوو قوتابخانەکەی تردا گرنگی زۆر بەم قوتابخانەیە دەدرێت. فەیلەسووفان پێیان وابوو، دوو قوتابخانەکەی پێشوو، هەوڵیانداوە پاساوەکس دەبێتەوە. بەنموونە، لە زۆربەی کتێبەکانی فەلسەفەی ئەخلاق ئەم نموونەیە باسکراوە: (کاتێک کەسێک چەکێکت بە ئامانەت پێ بدات، پاش ماوەیەک بگەڕێتەوە بە چەکەکەی تە بزانیت بە کوشتنی کەسێک ئەو چەکەی دەوێت، چەکەکەی پێ دەدەیتەوە یان پێی نادەیتەوە؟) بە پێی هوانگەی قوتابخانەی ئەرکگەرایی دەبێت، چەکەکەی بە بگەڕێنیتەوە، بەڵام بە پێی ئەنجامگەرایی بێت، نابێت بیدەیتەوە. لەهوانگەی یەکەمەوە، گەڕانەوەی ئامانەت ئەرکە، لەهوانگەی دووەمەوە کەسێکی پێ دەکوژێت. خودگەرایی واتا: واتا مرۆڤەکە خۆی لەناوەوەی خۆیدا باش بێت، وەکو ئەوەی "دیڤد هیەم" دەڵێت:- توخمێک لە مامەڵەکە هەوبەووی خۆت بکەیتەوە.

سەرچاوەکان:

ئاراس سەعید: کورتەیەک دەربارەی چەمکی مەڵا.

گۆڤاری ئایدیا ل. 31-34. ژمارە 78. ساڵی 2021.

حمید عەزیز: فەلسەفەی نوێی ئەوروپا. چاپی یەکەم، چاپخانەی هەژهەڵات- هەولێر 2012

ت.ز.لافين:من سقراط إلى سارتر (البحث الفلسفي)

دار نشر:المركز القومي للترجمة. سنة النشر: ٢٠١٢.

james Rachels, 2007 the Elements of Moral philosophy ,Fifths .etidion by Stuart Rachels.McGraw-hill New york

Kant’s Moral Philosophy

;First published Mon Feb 23, 2004

substantive revision Fri Jan 21, 2022

https://plato.stanford.edu/index.html

توندوتیژی و ئازاردانی دامەزراوەیی تەندروستی بەرامبەر بە ژنان.. شەرین عەبدوڵا

لە کاتی دووگیانی و منداڵبووندا!

هەڵاواردن و توندوتیژی دژی ژنان هەمەلایەنەیە و هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، لە ماڵەوە، لە شوێنی کار و تەنانەت ئەو دامەزراوە تەندروستییانەی کە خزمەتگوزاری پزیشکییان پێشکەش دەکات. زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی خەزانی و ئازاردانی ژنان لە کاتی دووگیانی و منداڵبووندا و لە دوای منداڵبوون لە زۆرێک لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە پزیشکییەکاندا سەلمێنراوە – وە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە نێوان هەر پێنج ژنێکی دوو گیاندا، یەک ژن تووشی توندو تیژی خەزانی دەبێت – و ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی منداڵ لەبارچوون و لەدایکبوونی پێشوەختە و مردنی دایک لە کاتی منداڵبوون و خەکوشتن، بەڵام ئەوەی کە وێنا ناکرێت ئەوەیە کە ئەم توندوتیژییە بەرامبەری، لە شوێن و دامەزراوە پزیشکی و چارەسەرییەکاندا بەردەوامیی هەبێت.
چاودێری پزیشکی – هەروەک سروشتی خۆی؛ کە پێیوەندی بە تەندروستی خەڵک و زیندوو ڕاگرتنی نەخۆشەوە هەیە – خزمەتگوزارییەکی مرۆییە کە نابێت جیاوازی لە نێوان نەخۆشەکاندا بکات و دەبێت دوور بێت لە جیاکاری لەسەر هەر بنەمایەک بێت. بەڵام ئەمە بە ژنان، و بە تایبەتی لە کاتی دووگیانی و منداڵبووندا، وا نییە. وە ئەم جیاکاری و توندوتیژیە بەرامبەر ژنان لە چینە هەژارەکان و گروپە پەراوێزخراوەکانی تری کۆمەڵگا، وەک پەنابەران و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، هەروەها کچانی هەرزەکار و گەنج و ژنانی بەساڵاچوو زیاد تر. توندوتیژی دژی ژنانی دووگیانی ئەم توێژانە چەند قات زیاترە. کاتێک دەینە سەر باسی قوربانیانی دەستدرێژی سێکسی (اغتصاب)، ئەم توندوتیژیە دەچێتە قاناغێکی ترەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگاکانی ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە کۆمەڵگا هەر نایەوێت

دەنگی ژنە دەستدرێژی لەسەر کراوەکە ببیستریت، و هەوە دەدرێت دووگیانییەکەی بە بەدەنگی و بە بە "هەراسانکردنی کۆمەڵگا" کۆتایی پێبێت! بەم پێیە و (بەپێی خەماندنی کۆمەڵگا)، ژنەکە تاوانبار بووی کە بە گومان خێی هانی دەستدرێژیکارەکەی داوە، وە یان خێی خستۆتە دۆخێکەوە کە هانی ئەوی دابێت دەستدرێژی بکاتە سەری، ئیتر چۆن بۆی هەبێت بوەرێت گلەیی لە ئازارەکانی دووگیانی و منداڵبوون بکات.

تەڕینەوەیەک کە لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیەوە لە چوار وڵاتی غانا، گینیا، میانمار و نیجیریا لە ساڵی ٢٠١٥ ئەنجامدراوە، دەری دەخات کە سێیەکی ژنان لە کاتی منداڵبووندا تووشی ئازاردان دەبن، وە بە تایبەتی بینینی ٣٠ خولەک پێش منداڵبوون و ١٥ خولەک دوای منداڵبوون توشی ئازاردانی جەستەیی یان دەروونی دەبن.

دووگیانی و منداڵبوون لە سەختترین و ناسکترین قۆناغەکانی ژیانی ژنە. لە هەموو کاتێک زیاتر ئەم کاتانە پڕ لە مەترسی و ئاڵەنگازییە تەندروستیی جەستەیی و دەروونییەکانن، کە پێنگە کاریگەرییەکانی بە درێژایی تەمەن بەمێنێتەوە. ئەوەی جێی داخە و مایەی بە ئومێدیە، ئەوەیە کە زۆربەی ئەم ئاڵەنگازیانە دەتوانرێت ڕوو نەدات. کاتێک ژن بە ئیرادەی سەربەخۆی خۆی مافی دووگیان بوون و منداڵبوون بەکاردەهێنێت، بە پاڵپشتی هاوژین و خێزان و کۆمەڵگا، بە دامەزراوە پزیشکییەکانیشەوە، ئەمە دەبێت ڕووداو و ئەزموونێکی دڵخۆشکەر بێت لە ژیانیدا، بەڵام هەبوونی تووندوتیژی و هێرشکردن لەسەر بنەمای ڕەگەز، جا لە ماڵەوە بێت یان لە دەرەوە یان لەو شوێنانەی کە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێشکەش دەکرێت هەندێک جار دەیکاتە ئەزموونێکی تاڵ و ئازاربەخش، ژن بە هەستێکی شکاوەوە لە دێتە دەر.

بەگوێرەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی: "ژنان لە سەرانسەری جیهاندا لەکاتی منداڵبوون لە دامەزراوە پزیشکییەکاندا بەدەست بە ڕەزی، ئازاردان یان پشتگوێخستنەوە دەناڵێنن و ئەم کارانەش پێشێلکردنی مافەکانی ژنانە، و پێنگە ببێتە هۆی سەرمینەوەیان لە بەکارهێنانی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی دایکان، ئەمەش پێنگ دانەوەی لەسەر باری تەندروستی و خۆشگوزەرانیان دەبێت".

لە فۆرمەکانی تووندوتیژی: سووکایەتی پێکردن، لەمەکردن، هاوارکردن بەسەر ژندا، جنێودان، تووندوتیژی جەستەیی، شەق وشەقازڵە لەدان، پشتگوێخستنی داواکارییەکانی ژنان بە دەرمانی ئازارشکێن و دەرمانی تری پێویست، تەمەتبارکردنیان بەوەی کە "لاوازن" و "بەرگەی ئازار

ناگرن" و هتد. فەرهەنگانی توندوتیژی لە کاتی دووگیانی و منداڵبووندا زۆرن و پلەکانیان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بەو پێیەی شوێنانێک هەن کە هەنگاوی گەورەیان بۆدەستهێناوە لەم بوارەدا، بەڵام هێشتا دیاردەیەکی باو و "ئاسایی"، کە هەندێک وڵاتی پێتایەک سێیری دەکەن کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی چاوپۆشی لێدەکرێت. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە باسکردن لە دەستدرێژیکردنە سەر ژنی دووگیان هێشتا بابەتێکی تابۆیە، تەنانەت ژنان خۆیان درکیان بەوە نیە کە مامەڵە کردنیان لە کاتی منداڵبووندا دەتوانرێت بە دەستدرێژی هەژمار بکرێت.

کەمیی هێشیاری لە سەر ئازارە ئاسایی و چاوەڕوانکراوەکان و ئەوانەی کە لە کاتی دووگیانیدا ئاسایی نین، لەو هەکارانەن کە دەبنە هۆی سەرلێشێواوی و دڵەڕاوکێ بە ژنان. دووگیانی بەرپرسیارێتییەکی یەکجار گەورەیە لەسەر شانی ژن و سروشتییە کە ئەو خەمی تەندروستی کۆرپەلەکەی بێت. لە لایەکەوە دەبێت دڵی هاوسەر و کەسوکاری هاوسەریشی ئابگرێت، چونکە هەر ئاڵۆزیەک ڕووبدات ئەو لەمەی دێتە سەر، و لە لایەکی کەوە، سەرنجی نەرێنی دێتە سەر و تەماتبارکردن بۆوەی "خەفەتگر" و "ترسنۆک".

پشتگوێخستنی سکاڵای ژنی دووگیان و گونەگرتن لێی، لەوانەیە لە لایەکەوە ببێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی بە دامەزراوە پزیشکییەکان و لە لایەکی کەشەوە لەوانەیە ببێتە هۆی دواکەوتنی دەستنیشانکردنی ئاڵۆزییەکان و هەندێک جاریش ئەنجامی کارەساتباری لێدەکەوێتەوە.
هەروەها توندوتیژیی لە کاتی منداڵبووندا کاریگەری لەسەر ژن بە دوای منداڵبوونیش دەبێت، چونکە ئەنگ بەهۆی ئەو ئازار و توندوتیژییەی کە لەو کاتەدا تووشی بووە، بینینی منداڵەکەی ئەتبکاتەوە. جگە لەوەش هەست شکاندنی وا دەکات ئاسوودەیی خۆی لەدەست بدات و تووشی خەمۆکی دوای منداڵبوون و کاریگەریەکانی لەسەر تەندروستی و خۆشگوزەرانی خودی ژنەکە و هەروەها منداڵەکانیشی.

تەندروستی ژنان و تەندروستی زاوزێ بەشێکی دانەبڕاوە لە تەندروستی گشتی لە هەر وڵاتێکدا، جا لە سیستەمی تەندروستی گشتی بێت یان تایبەتیدا بێت. وە بەو پێیەی تەندروستی ژنان و منداڵان بەشێکی گەورەی تێچووی خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان پێکدەهێنێت، دەبینین کە ئەو وڵاتانەی سیستەمی تەندروستی گشتی تیایە ئەمە بە قورسایەک دادەنێن (کە خۆیان لە ئەصلدا و لە باشترین حاڵەتدا ئەم سیستەمانە بودجەی پێویستیان نییە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی تەندروستی

گشتی دانیشتووان)، و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەوڵەت نایەوێت خەرجی پەیوەستی بە دابین بکات.
لە لایەکی کەوە لە سیستەمی تەندروستییە تایبەتەکان تەندروستی ژن وەک نەچیرێکی چاوەڕوان دەبینن بۆ تێر کردنی چاوچنۆکی وخولیای شتانیان بۆ قازانج. لەڕەدا تەندروستی ژن دەبێتە فشار لەسەر بودجەی خەزانەکەی، ژنەکەش خەی لە خەمی داهاتی خەزانەکەیدا دوودەدەبێت لە خەرجکردن بۆ تەندروستی خەی. ئاپارت هەیە باس لەوە دەکات کە ژنان یان منداڵەکانیان لە دامەزراوەکاندا ئاگیر دەکرێن هەتاکو پارەی نەخشانەکە ئەدەن.

تووندوتیژی تەندروستی دامەزراوەیی ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکانە:

هەڕەکانی تووندوتیژی تەندروستی دامەزراوەیی دگەڵتەوە بۆ پەکهاتی پیاوسالارانەی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پیاوسالارییە باوەکان، بەتایبەتی لە کۆمەڵگاکانی ئەمەدا لە عەراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ژنان بەدەست پەراوێزخستن و تووندوتیژی و سووکایەتی پێکردن و زەلیلبوونەوە دەناڕەنن، ئەگەر سکاڵا بکەن، دەوترێت "هیستریای هەیە"، "زۆر ئەقڵەتە"، "ناسکە"، "هەمیشە بەدبەختە دەکات"، یان "ناز ئەکات"...هتد. ئەم بۆچوون و تەوانینانە بەرامبەر بە ژن لە ڕووی مەژوویەوە، سەرچاوەی بە سەدەکانی ناوەڕاست دگەڵتەوە، ئەو کاتەی باوەڕی باو ئەوە بوو کە ژن بەهەی منداڵدانەوە ناهاوسەنگە. وئەمانە هەشتا بوونیان هەیە و ڕەگ و ڕیشەیان لە بیرکردنەوە و مەشکی مرۆڤکانی کۆمەڵگاکانی ئەمەدا چەسپیوە، و ئامانج لەی بەکەم زانین و بچوک سەیرکردنی ئازار و ئەشکەنجەکانی ژنانە. هەندە جار گوێبیستی دەستەواژە و کۆمەنتەکی لەم شێوەیە دەبین، وەک ئەوەی ئاسایی و قبوڵکراو بێت و زەرجاریش تەنانەت لە چوارچێوەی نوکتە و گاتەجاڕی دەن. سەیریش نییە ئەو کەسەی ئەو کۆمەنتانە دەڵێت، ستایش و ڕەزامەندی گوێگران وەربگرێت، وەک ئەوەی ڕەک قسەی دەی ئەوانی کردبێت بەرامبەر بەو ژنەی کە باسی لەوە دەکرێت.
کارەندانی تەندروستی و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان ئەندامی کۆمەڵگاکەن و هەڵگری بیرکەو و بۆچوونە باوەکانی ناو کۆمەڵگان. سروشتیشە کە ئەوان هەمان بیرکەو و تەوانینەکان بگوێزنەوە بۆ شوێنی کارەکانیان. ئەوەی لە چوارچێوەی دیواری ئەو دامەزراوانەدا (کە بۆ چاودێریکردنیان لە کاتی پەویستیدا دروستکراون)، بەرامبەر ژنان ڕووددات، درێژکراوە و ڕەنگدانەوەی تووندوتیژی و هەاواردنی

دژی ژنانە لە کەمەنگادا بە گشتی دەگوزەرێت. بە کەم سەیرکردنی ئازارەکانی ژنان و پشتگوێخستنی کێشە تەندروستییەکانیان و ئازارەکانیان لە کاتی دووگیانی و منداڵبوون و بە جددی وەرنەگرتنیان لە دامەزراوە تەندروستییەکانی سەرتاسەری جیهاندا باوە. ئەمە هەمان بە چوونە کە سکاڵای قوربانیانی تونددوتیژی خێزانی لە بنکەکانی پۆلیسدا وەک بابەتی خێزانی "بە بایەخ" دادنرێت و پشتگوێ دەخرێت بەوەی کە شایەنی کات و ووزە تیا سەرف کردنی دەزگاکانی نیە.
ئامار و زانیاری تەمارکراو زۆر کەم هەیە لەسەر تونددوتیژی تەندروستی دژ بە ژنان بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەشیاری لەم بارەوە لاوازە چ لەسەر ئاستی کەمەنگا یان دامەزراوەکان، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەم لایەنە گرنگ و شاراوەیەی تونددوتیژی دژی ژنان.

شەرین عەبدوڵا
10.8.2023

کتێب\ فەلسەفە.. پێش فەلسەفە تا مردنی نیتچە.. فوئاد سدیق

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

FuadSdiq_FalsafaDownload

سوودەکانی وەنەکێشان بۆ

مندالان.. محمد برزی

بە گشتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا منداڵان زیاتر حەزیان لە سەیرکردنی تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و یارییە ئەلکترۆنییەکانە ، کە سوودیان زۆر کەمترە لە وێنەکیشان ، چونکە وێنەکیشان دیاردەیەکی هیوا بەخشە ، مەشکی منداڵان چالاک دەکات ، شێوازێکە بە دەربڕینی تێگەیشتنی خۆیان دەربارەی جیهان و هەموو ئەو شتانەی گرنگن لایان . یان کردارێکە ، کە هەموو منداڵێک لە تەمەنی دە ماڵگیەوە تا تەمەنی گەورەیی ، بە شێوەیەکی سروشتی بەشداری تێدا دەکەن ، بە تایبەتی لەو کاتەوەی بە یەکەمجار پێنووس دەگرن بە دەستییانەوە و لەسەر پارچە کاغەز و ڕووبەرێکی بەردەمیان هێڵەک ، یان چەند هێڵەکی خواروخێچی ڕەنگاوڕەنگ دەکێشن و بە ڕەنگەکانیش سەرسام دەبن . سەرئەنجامیش بە شێوەیەکی خەرسکی بەشداری لە وێنەکێشاندا دەکەن و لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا پترە بەو هێڵانە دەدەن . پاشان وردە وردە وێنەکانیان باشتر و جوانتر دەبێ و سەرتایەکیش دەبێ بە فێربوونی نووسین . بە گشتیش سوودەکانی وێنەکێشان بریتیین لەم خاڵانەی لای خوارەوە :

١- وێنەکێشان ماسولکەکانی دەست و پەنجەکانی منداڵان بەهێز دەکەن ، وەرزشێکە بە ماسولکە گەورەکانی شان و قۆڵیان ، لە ئەنجامیشدا مەشقی جوڵاندنی دەست و پەنجەکانییان ، یارمەتیدەرێکی زۆر چاکن بۆ فێربوونی ئاسانکردنی نووسین . هەر بۆیە پێویستە بە گوێرەی توانا ، ئامراز و
کەرستەی جۆراوجۆریان بۆ دابینبکرێت ، تا هێزی پەنجە و گرتنی پێنووس و جووڵەی دەستیان باشتر بێت و بتوانن فێری نووسین بن .
٢ – لە سەرەتای منداڵیدا بە خڕایی پەیوەندی لە نێوان دەماغەکانی مەشکی منداڵدا دروست دەبێ . کاتێک وێنە دەکێشن زۆرێک لە هەستەکانییان بەکاردەهێنن ، بەمەش مەشک دەکوێتە بیرکردنەوە ، وەک ناسینەوەی ڕەنگ و نەخش و هێڵکاری … و هتد . بەگشتیش وێنەکێشان و ڕەنگکردن ، نیشانەی گەشەکردنی ئاستی بیرکردنەوەی منداڵانە و مەشکیان ئامادەهێنن باشتر و وردتر بیربکەنەوە و پترە بە بەهرە و داهێنانەکانیان بدەن .
٣ – وێنەکێشان وا لە منداڵ دەکات چاوەکانی بە ئاڕاستەی جوڵاندنی دەستەکانی بەکاربهێنێ . هەماهەنگی چاو و دەستیش خۆی لە خۆیدا وەرزشێکە و سودی بە نووسین و خوێندنەوە و کاری ئەژانە هەیە ، وەک گرتنی : پێنووس ، کەوچک ، چەقۆ ، چەتاڵ ، فۆچەی دان و

بەکارهێنانی ئامێرەکانی مۆسیقا و پێشینی جلوبەرگ و داخستن و کردنەوەی قەپچە و بەستن و کردنەوەی قەیتانی پێڵاوەکانیان .
٤ – لە ڕێگای وێنەکێشانەوە هەڵی پێوەندی لە نێوان وشە و ئاوێنەدا دروستدەبێت ، کە دیکەشن و ناویان لێ دەنێن . زەرجار لەگەڵ گەورەکان و هاوتەمەنەکانیاندا باسی ئاو وێنانە دەکەن ، کە دیانەوێت ئەنجامی بدەن . لەکاتی وێنەکێشانیشدا بیر لەو وشانە دەکەنەوە ، کە لە مەشکیاندایە . دوای تەواو بوونیش باسی وێنەکان دەکەن . گفتوگۆش دەربارەی وێنەکانیان پڕە بە تواناکانی زمانیان دەدات ، کارێکیش دەکات بە شێوەی زارەکی بیرەکەکانییان دەربڕن . بەگومان وا باشترە داوا لە منداڵان بکرێت سەیری وێنەکانیان بکەن و هەر خۆشیان ناویان لێ بنێن .
٥ – هونەری وێنەکێشان ئاسەی خەیاڵی منداڵان فراوان دەکات . مەشکی بچووکیان دەست دەکەن بە تێگەیشتن لە جۆرە جیاوازەکانی ڕەنگەکان ، بە تایبەتی کاتێک ڕەنگەکان تێکەڵ دەکرێن . لەوێش دەگەن کاتێک دەست لە پێنووس دادەگرن ، هەڵەکان تەختر دەبن ، کاتێکیش دەست سووک دەکەن کاە دەبنەوە .
٦ – لە تەمەنێکی بچووکدا چێژ لە وێنەکێشان و ڕەنگکردن وەردەگرن ، ئەمەش کارێک دەکات منداڵ بیربکاتەوە و باشتر وردبێتەوە و زووتریش فێری نووسین و خوێندنەوە بێ و پێویستی بە کاتی زۆر و بەزارکەری بە ئاو دوو بوارە نەبێ . لە ڕاستیدا توێژینەوەکانیش زۆر بە جوانی ئاو ڕاستییەیان سەلماندووە ، ئاو خوێندکارانەی خەریکی وێنەکێشان و هونەرن ، لە چاو ئاو منداڵانەدا ، کە بەڵای وێنەکێشاندا ناچن ، لە بابەتەکانی : بیرکاری و زانست و دەزینەوەی چارەسەری کێشەدا ، ئاستێکی زۆر بەرز و باشتریان هەیە .
٧ – منداڵان لە کاتی وێنەکێشاندا ئاشنای شێوە جیاوازەکان دەبن . دروستکردنی ئاو شێوانەی ، کە چەمکی بیرکاری لە خۆ دەگرن ، کارێک دەکەن تا ڕادەیەک لە ئەندازە تێ بگەن . ئەمەش یارمەتی منداڵان دەدات بە ڕێکخستنی زانیارییە بینراوەکان و گرنگی دان بە وردەکارییەکان . هەر بۆیە واباشترە باسی ئاویان بە بکرێت ، کە خۆر لە تەپی باسکە دەچێت ، یان هێندێک شێو مانگی ئاسمان لە بازنەیەکی تەواو دەچێت و هێندێک جاریش لە نیوبازنەیەکی چەماوە دەچێت . پاشان یارمەتییان بدرێن شێوەکانی دەوروبەریان بناسنەوە و لەسەر کاغەزیش وێنەیان بکێشن .
٨ – وێنەکێشان و ڕەنگکردن کاریگەریان لەسەر هەورکردنەوە و پاراستنی تەندروستی دەرووونی منداڵاندا هەیە ، هەر بۆیە پێویستە یارمەتییان بدرێن و بە شارەزایی ڕێنموونی بکرێن ، تا وێنەکێشان ببێت بە بەشێک لە خولیاکانییان و لە کاتی پێستی و بەزاریدا

خەمکانییان لێ بیربکەن .
٩ – منداڵی بچووک لە هەندێک شت تێناگات ، وەک دووری ، بڕاوردکردنی قەبارە و جیاوازی نێوان پێکهاتەکان . بۆگومان وەنەکشان دژفۆتکی تێواو بۆ منداڵ دژخسڵنێت ئەو چەمکانە فێربێ . هەر بۆیە وا چاکە هانی منداڵ بدرێت ئەو جۆرە وەنانە بکشێت ، کە جیاوایان لێ نێواندا هەیە . وەک : وەنەی گوورە و بچووک ، ڕاست و خوار ، زبر و ساف و دوور و نزیک و… هتد.
١٠ – منداڵ ئەو توانایەی نییە بۆ وشە هەستەکانی خۆی دژبڕێت . بۆگومان وەنەکیشان ڕێگا دەدات بۆ منداڵ هەست و بیرکردنەوەکانی دژبڕێت . جگە لە دژبینی هەستەکانی ، دەتوانێ خۆیاڵێکانیشی بخاتە بژارچاوی هاوڕێ و ئێندامانی خێزانەکەشی . ڕێگەکی سەرەکیشی هەیە بۆ پژڕپەدانی کەسایەتییەکەی و بۆ ئاسانیش پێیوەندی لەگەڵ دایک و باوک و هاوتەمەن و دراوسێکانی دا بۆ دروست دەکات .
١١ – وەنەکشان یارمەتی منداڵان دەدات تواناکانی جووڵەی وردە (دقیق) ی دەست و چاوەکانیان باشتر بێ . دیارە جووڵەی وردیش بریتییە لە بەکارهێنانی جووڵەی مەچەک و دەست و پەنجەکان بۆ : پێشینی جلوبەرگ ، خواردن ، پاککردنی سووز و میوە ، بەکارهێنانی مەقەست ، ڕێکخستنی کەلوپەلەکان ، ژمێنینی ئامێرەکانی مۆسیقا و وەرزشکردن و .. هتد. بۆگومان وەنەکیشان هەکارەکە بۆ پژڕپەدانی ئەو جووڵەیە .
١٢ – دروستکردنی پێشانگایەکی تایبەت لە ناو ماڵدا ، وەک دانانی وەنەکانی منداڵان لەسەر دیوار ، یان لە شوێنێکی دیاریکراوی ماڵدا ، وەڕ و خولیا و ئارەزووی منداڵ بەرزدەکەنەوە و زیاتر باوەڕیان بە خۆیان دەبێ ، پاڵنەرێکیش دەبی بۆ بەردەوامی و دروستکردنی وەنەی نوێ ، لە هەمان کاتدا دیکەرێکی جوانی دەڤەنیش بۆ ماڵەکە زیاد دەکات . پاشان ئاگەر منداڵەکەت توانا کەبەکی هەبوو ، وا باشترە لە پیشانگاکاندا هاوبەشی بکات ، تا وزە و حەز و ئارەزووی زیاتر بێ و بۆ شەوقەوە بەردەوام بێ .
لە دوجاردا و بۆ ئەوەی هانی منداڵەکت بدەی لە وەنەکشاندا بەردەوام و سەرکەوتوو بۆ ئەوا :
١ – هەموو پێویستییەکانی وەنەکشانی بۆ دابین بکە .
٢– وەنەی لەگەڵدا بکشێ ، تا بزانێ تەش حەز و ئارەزووی وەنەکشانتان هەیە.
٣ – گرنگی تێواو بدە بە وەنەکانی ، پرسیار و قسە لەسەر شێوە و ڕەنگ و هێڵ و بیرکەی وەنەکانی بکە .
٤ – پرسیاری ئەوەی لە بکە بۆنیازە لە داهاتوودا چ وەنەیەک دەکێشێت ، تا هاندەرێک بێت بۆ بەردەوامی و وەنەی زیاتر .

٥ – نابێ بەهەج جۆرێک وێنەیەکی دیاریکراوی بەسەردا بسەپێنیت ، پێویستە خۆی لە وێنەکیشاندا بە تەواوی ئازادبێ .
٦ – وەک سایە لە دەوری بێ ، هانی بدە و وێنەکانی بە هەند وەربگرێ ، هەمیشە دەرگای دە و مەشکی خەتی بە بخۆرێ سەر پشت ، تا ئەستۆرەی بەختی بۆرێو دواڕۆژەکی گەش و ڕووناک بکشێت .

تێبینی : ئەم بابەتە لە چەند سایتێکی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە . وێنەکەش منداڵێ جوانەکانی (باخچەی دەسزی) ی سلێمانییە .

ئامۆژگاری.. پشکۆ ناکام

..... دوا بە دوای کۆتایی هاتنی کارەکەی " بڵێ بەڕەزا"ی حاکمی مەدەنی عێراق ، نامەیەکی پێ لە ئامۆگاری ناردوە بە " جۆن نیگرۆ بونتی"ی یەکەم سەفیری ئەمریکا لە عێراق دوای لابرنی "صدام حسین" لە دەستەڵات و لە ڕۆژنامەی"واشنتن پۆست"ی ڕۆژی 25/12/2004بڵاوبۆتەوە و بەی نووسیوە چۆن ماموستا لەگەڵ حکومەتی عێراقی"ئەنجومەنی کاتی حوکم"کە موخابەراتی ئەمریکی داینابوو بکا کە تیایا هاتوە :
1) هەرگیز بڕوا بەوانە نەکەی کە پەنامان یان و تەرمان کردن ، نیوەیان درۆزن و نیوەکەی تر دز..
2) ساختەچییەکن کە قەت بەرەو ڕوو نازانی چییان لە پشت سەرەوەیە ،،،
3) وەک خەڵکی باش و ساکار و بە ویقار خۆیان نیشان ئەین ، خاوەن باوەڕ و بە ئیمان ، بەڵام لە ڕاستیا ڕەک پێچەوانەی ئەوەن ، لە زێر حاڵەتا بڵێ و بە حورمەت و مەرام پیسن..
4) ئاگادار بە بەقسەی نەرم و نیان هەڵنەخەڵەتە ی ،کاتە کە خۆیان بە دەسز و بەئەمک ئەخەنە ڕوو بەت دەر ئەکەوێ چ بەرازێکی دەن، لە ئەسقان خواردنی دایک و باوکیشیان سە ناکەنەوێ جا نەخوازڵا ووڵاتەکەیان ، بیرت بێ کە هەموو ئەوانەی هوتافیان ئەکەشا یان لەسەر جادە و بانکانی دونیا بە هەموو نەتەوە و مەزهەبکانیانەوە کەمان ئەکردنەوە ، بەکرێ گیراوەکن تەنها خۆیان خۆش ئەوێ..

5) لە ساختەچێتیا وەستان و وەک" گورگ" فێبازن ، چونکە ئەمەش خەمان فەرمان کردوون کە موهەیجی هەزار ڕوو بن ..
6) نایانەوێ عەراق بەجێ بهێڵین و حەز ئەکەن لە هەموو کەسان و گرووپکا بین و بنکەی سەربازیمان لە هەموو شارکا هەبێ و ئامادەن ئەو باغ و کشکانەی دەستیان بەسەرا گرتوە بیکەن بە سەربازگەی هەمیشەیی بۆ هێزکانمان چونکە ئەوە گەرەنتی پرسەی بەردەوام بوونیابێ بۆ مانەویان لەسەر حوکم و ڕاگەیەکی لەبەردەستە بۆ مانەویان لە ژیانا ، بۆیە ئەبینین چەن ترس ئیانگرێ و ڕح چوون بۆ دەم و چاویانا دەرئەکەوێ چونکە متەکەی پاشە کشەی ئەمە شەو و ڕۆژ بۆ دوایانەوێیە و پێ داگریی لە مانەوەی هێزکانمان و بوە بۆ دیارترین بابەتی ووت و وێژکانی سیاسەتی دەرەوەی" کەماری ناوچەی سەوز"..!!
7) مامەستای قسەی بۆتان و چەنەبازین بۆ شەوێک کە بڕامبەرکەیان سەرسام ئەبێ پێیان ، بەڵام لە هەموو حاڵەتکا گەل و ڕۆژا قورسن هیچ کامیان ناتوانێ تەنانەت لە نەو هاوڕێ و برادەر نزیکەکانی جێ ی خەی بکاتەوە..
8) بۆ فیکر و لە ڕووی سیاسییەوە فاشیلن ، یەکەکیان نابینی کە دیدەکی قبوڵکراوی بۆ چارسەری کێشەیک هەبێ ، یان ڕایەک دەرنابڕێ تا میزاجی شەخسی خەی تێکەڵ نەکا کە ئەبێتە دەربڕینەکی سەقەتی خۆ پەرستی و حیزبیی بۆ گوە یانێ هیچ ئیعتیبارێکی نیشتمانی و بابەتی..
9) زۆر باش ئەزانن کە میللەت پڕاوێز خراوە و هیچ پێزانین و ئیعتیبارکیان لای خەڵک نیە چونکە هەر لە سەرەتای دەست گرتنیان بەسەر دەستەڵاتا "ئەنجومەنی کاتی حوکم" سەلمانیان کە چیتر نین جگە لە کاڵایکی بەکار هێنان و ئاست نزمکی بازاڕی شەڕ و ململانێ شەخسیە هەرزانەکان..
10) ئەوان پێیان وایە ساختەچێتی کردن لە خەڵک زیرەکیە و وەعد و وەعدکاری زانایی و بردنی پارە و قووتی خەڵک دەستکەوتی جەنگە ، بۆیە ئەیانبینی کە چەن سامانی ووڵات بەحەلاش و بەلاش ئەڕوا و ئەبینی کە گەورە و بچووکیان ساختەچی و دوو ڕوون ، عەمامە بەسەر و کاکی عیلمانیان وەک یەکن، شەهیەتیان ئەچێتە سەر هەموو شتە: داهاتی گشتی و قۆاویش..بۆ هەموو بۆ ڕۆشتیەکەوە پەلاماری هەموو کەسێک ئەیەن..

بەڵام سەرەڕای هەموو ترس و ئاگادار بوونێک ووریا بۆ کەسیان تەرە نکەی چونکە ئەوان لە ڕووی فیکر و ڕەفتارەوە نزیک ترین کەسانی پێڕۆکەمانن ، لەم قۆناغەی ئێستایا ئەوان گەرەنتییەکی مسۆگەرن بۆ

جێ بە جێ کردنی کارەکانمان ، هەشتا بە پێی ستراتیجی وولایەتێ یەکگرتووەکان پێویستمان بە خزمەتگوزاریەکانیان هەیە ، چەن ساڵەکی تریش ئەخایەنێ بە کۆتایی هێنان بە دەستڕاگەیشتنی هەیانێ ،چونکە " کاڵایەکی بەکارهێنانی کاتیی"مؤقت"ن" …هەشتا کاتی گوێ پێ نیان یاخود فڕێ یانیان نەهاتوە….

"""""""""""""""""""""""""""

(لە دەقەکی ڕۆژنامەی نووس "علاء الخطيب" – لندن- وەرگیراوە..)